# وشکەساڵی و نەبوونی پرۆژەی ئاودێری کاریگەری خراپی لەسەر گوندەکانی ئاغجەلەر دروست کردووە

## هاووڵاتیان: داواکارین حکومەت چارەسەری خانووە بۆ تاپۆکانمان بکات

- کێشەی کەمئاوی لەزۆربەی گەڕەک و ناوچەکانی ئاغجەلەر سەریهەڵداوە
- جۆگەلەو پڕۆژەی ئاودێری لەناوچەکەدا ئەنجام نەدراوە
- لە گوندەکان کێشەی بینایەی قوتابخانە هەیە
- کارمەندو کرێکاری بواری خزمەتگوزاریی کەمە











ئاغجەلــەر یەکێکە لەو ناحیــە کۆنانەی وەکو زۆربەی ناحیەکانی دیکەی هەرێم بەر زەبری کاریگەری شــاڵاوی ئەنفال کەوتووەو هەموو شــارۆچکەکە وێران و کاول کرا، ئاغجەلەر بە ناوچەیەکی کشــتوکاڵی و ئاژەڵداریی دادەنرێت و ٥٢ گوند لەخۆدەگرێت و ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٥ هەزار کەسە، لەدوای ساڵی ١٩٩١ و دەستبەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردســتان ئاوەدانکرایەوە، گەرچی لەچەند ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین پرۆژەی خزمەتگوزارییان بۆ ســەنتەرو گوندەکانی سنوورەکە ئەنجام داوە، بەڵام ئەو کارو پرۆژانە بەپێی کاولکاری سنوورەکەو خواستی خەڵکی نییە، هەر بۆیە هاووڵاتیان گلەیی و گازندەیان لە کەموکورِی و کێشــەو گرفتــە خزمەتگوزارییەکان هەیە، وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان ســەردانی ئاغجەلەرو ســنوورەکەمان کرد لە نزیکەوە چەند هاووڵاتییەکمان لەبــارەی کەموکورِی و داواکاریەکانیان دواند، کە پێیان وابوو گەرچی لەم ساڵانەی دوایی چەند پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئەنجامدراوە بەڵام بەپێی کەموکورِی و داواکارییەکانی هاووڵاتیان نییە، بۆ خستنەڕووی گلەیی و رەخنەکانی هاووڵاتییان و چەند پرسیارێکی تر سەردانی (ئیبراهیم محێدین) بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەرمان کردووە، لێرەدا بەشــێك لەو داواکاری و رەخنەو وەڵامەکانی بەڕێوەبەری ناحیەکە لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاودەکەینەوە .




### هاووڵاتیانی ئاغجەلەر چاوەڕوانی چارەسەرکردنی کێشەی ئاویخواردنەوەن

لەسەرەتای راپۆرتەکەماندا لەگەڕەکی دەروازە چاومان کەوت بەچەند هاووڵاتییەك کە باسی گرفتی سەرەکی ناحیەکەیان دەکرد بەتایبەتی گرفتی ئاوو ئاوەڕۆو ڕێگاوبان و پەروەردە و تەندروستی؛ لەمبارەیەوە هاووڵاتی ئەبوبەکر قادر وتی:( لەم ماوەیە کێشەی کەمئاوی لەزۆربەی گەڕەك و ناوچەکانی ئاغجەلەر سەریهەڵداوە و پێویستی بەچارەسەرکردنی خێرا هەیە. )، هاوکات ئەم هاووڵاتییە ئاماژەی بەبوونی چەند گرفتێکی دیکەش کرد کە بێ چارەسەر ماونەتەوە لەوانە نەبوونی پرۆژەی ئاوەڕۆ کە گرفتی بۆ هاووڵاتیان ناوەتەوەو لەزۆربەی گەڕەکەکان بۆنێکی ناخۆشی لێکەوتۆتەوە، بەتایبەت ئەو چەمەی کە







بەناو شارۆچکەکە دادەڕوات و پێویستی بە دیواری پاڵپشتی و ئاوەڕۆیەکی بەرفراوان هەیە، هەروەها بەشی زۆری خانوو زەوییەکانی سەنتەری شارۆچکەکە تا ئێستا تاپۆیان نییە، هەر بۆیە لەپێشینەی خانووبەرەدا بێبەش بوون، بەپێویستی دەزانین حکومەتی کوردستان چارەسەری ئەو کێشە گەورەیەمان بۆ بکات. لەلایەکی تر لەبەر خراپی و نەبوونی کارو پڕۆژەی خزمەتگوزاری بەتایبەتی نەبوونی کارەباو قوتابخانەو ئاو و بنکەی تەندروستی و خراپی ڕێگاوبانەکان ژمارەیەکی زۆر لەگوندەکانی سنوورەکەمان ئاوەدان نەبووەتەوە یا ژمارەی خێزانەکانی ئەو گوندانە لە دوو سێ ماڵ تێپەڕنابێت، هەربۆیە داواکارین لەحکومەت بەوپێیەی گوندەکانمان سەرچاوەی کارو بەرهەم و داهاتن چیتر فەرامۆش نەکرێن. هەر لەمڕووەوە هاووڵاتی مەنیجە عەبدوڵا وتی: ماوەیەکە بەشێوەیەکی گشتی ئاوی

**داواکارین حکومەت دوو باخچەی ساوایان لە ناو سەنتەری ئاغجەلەر دروست بکات**


شارۆچکەکە کەمبۆتەوە و ڕۆژانە زەحمەتیەکی زۆر لەبەر کەمئاوی دەبینین، ئەو سنوورەش زۆر وشکەو پلەی گەرمای تێدا بەرزە و نەبوونی ئاویش هەراسانی کردووین، بۆیە داواکارم بیری تر لەناو شارۆچکەکە لێبدەن تاوەکو ڕێژەی ئاوەکە زیاد بکات و گرفتەکەمان چارەسەر بێت. سەبارەت بە تاپۆکردنی خانووەکانیش هاووڵاتی سامان مورشید وتی: ئەوەی زیاتر خەڵکی ئاغجەلەر داواکارن بۆیان جێبەجێ بکرێت تاپۆکردنی خانووەکانیانە، لەگەڵ دروستکردنی نەخۆشخانە یا بنکەیەکی تەندروستی تایپAی کە هەموو ئامێرەکانی پشکنینی و پزیشکی پسپۆڕو ئافرەتانی بۆ دابین بکرێت، نەك وەکو ئێستا بنکەکە زۆر بچوکەو داودەرمانی کەمە و پزیشکی نییە، هەروەها ساڵانە لەبەر بچوکی پرۆژەی ئاوەکە لەوەرزی هاویندا بەتایبەتی لەمانگی ٧و٨ و ٩دا تووشی کێشەی کەمئاوی دەبین، لەلایەکی تر هەندێ شوێنی چەمەکە دیواری پاڵپشتی بۆ کراوە کە لەلایەن بەڵێندەرێك ئەنجامدرا و نەیتوانی تەواوی بکات و ئێستاکە سەیری بکەین دەبینین ئەو پرۆژەیە زۆر خراپەو لەهەندێ شوینە دەیەوێت برووخێت. لەگەڕەکی شەهیدانیش هاووڵاتی قادر سدیق سەبارەت بەخراپی کەرتی تەندروستی وتی: لە نەخۆشخانەکەمان پشکنین و داودەرمان و پزیشکی نییە، ئەمەش وایکردووە بۆ زۆربەی چارەسەرییەکان روو لەسەنتەری شاری سلێمانی بکەین ئەمەش لەرووی خەرجی و پارەوە ماوەو داهاتێکی باشی دەوێت، لەلایەکی ترەوە لەشارۆچکەکەمان باخچەی ساوایانی نییە و لەمڕووەوە پێویستە حکومەت بۆ گرنگیدان بە کەرتی پەروەردە بەلایەنی کەم دوو باخچەی ساویان لە ناو سەنتەری ناحیەکە دروست بکات، هەروەها پێویستمان بە پارکی بەرفراوان و یاریگای منداڵانیش هەیە، هاوکات پێویستە بۆ پاراستنی ژینگەو جوانی سیمایی شارۆچکەکە سنوورێك بۆ ئەو خەڵکە دابنرێت کە زبڵوخاشاك فڕێدەدەنە ناو چەمەکە یا بەزووترین کات پاڵپشت و ئاوەڕۆیەکی سندوقی بەرفراوان لەسەر چەمەکە دروست بکەن. سەبارەت بەکەرتی پەروەردەش قوتابیەکی پۆلی شەشی بنەڕەتی بەناوی ئازاد یاسین وتی: پێویستمان بە قوتابخانەیەکی ئامادەیی گەورەو باش هەیە. هەروەها لەگەڕەکی مامۆستایان هێمن ئەحمەد وتی: لەبواری وەرزش و لاوان و ڕۆشنبیری

**پارکی بەرفراوان و یاریگای منداڵان نییەو کەمترین خزمەتگوزاری لەبواری باخچەکاندا ئەنجامدراوە**

کەمترین کارمان بۆ کراوە و یاریگای وەرزشیمان بەپێ پێویست نییە و کۆڵان و شەقامەکانی بەشێك لە ناحیەکە پێویستیان بە چاککردن و قیرتاوکردن هەیە و خەڵکیش لە بەفیرۆدانی ئاودا زۆر خراپن. هاوولاتییەکی تر بە ناوی نەعیمە حوسێن وتی: هاتوچۆی گەلابەو ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر کە بەناو شارۆچکەکە یا بەنزیکی دا هاتوچۆ دەکەن زۆر بێزاری کردووین، پێویستە ڕێگای تریان بۆ دروست بکرێت. هاوکات هەندێ جار کێشەی ئاویخواردنەوەشمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە زیاتر لەبەر نەبوونی کۆگای گلدانەوەی یا کەمی بیرو بڕانی کارەبایە لەسەر پڕۆژەی ئاوەکەی ئاغجەلەر. ئەمەو ژمارەیەك لەهاووڵاتیانی تر گلەیی و رەخنەیان لەوەزارەتی کشتوکاڵ هەبوو باسی فەرامۆشکردنی ناوچەکەیان کرد لەپرۆژەکانی ئاودێری







کە بۆ بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ زۆر پێویستە.

داواکاری و رەخنەی هاووڵاتیانی ناحیەی ئاغجەلەرمان ئاراستەی (ئیبراهم محێدین) بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر کرد، پوختەی وەڵامەکانی لەم راپۆرتەدا دەخەینەڕوو.

### فراوانبوونی سنووری شارەوانی و کێشەی کوژانەوەی زەوی کشتوکاڵی

لەپێناو بەرژەوەندی هاووڵاتیان و بۆ بەرفراوانکردنی سنووری ناحیەی ئاغجەلەر بڕیاری فراوانکردنی شارەوانی ناحیەکە دراوە، بەڵام گرفت و کێشەی کوژانەوەی زەوییە کشتوکاڵیەکان بێ چارەسەر ماونەتەوە لەمبارەیەوە بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر وتی: بۆ بەرژەوەندی هاووڵاتیان سنووری شارەوانی ناحیەکەمان بەرفراوانکراوە بۆ ٣٠٠٠ هەزار کیلۆمەتر، ئەمەش چەندین کێشەی لەگەڵ خۆی

بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر بۆ( گوڵان):

# بە هۆی نەبوونی تاپۆوە هاووڵاتیانی ئاغجەلەر لەپێشینەی خانووبەرە بێبەشن



بۆ دروستکردووین، چونکە ئەو زەویانەی دەکەونە ئەو چوارچێوەوە بەگرێبەست یا بەموڵك هی خەڵك و جوتیارانە، دەبێت ئەو خاوەن زەوییانە بەپێی یاساو ڕێنماییەکان مامەڵەیان بۆ بکرێت و قەرەبوو بکرێنەوە، بۆ ئەو زەوییە کشتوکاڵیانەی بەر پرۆژەی ڕێگای گوندی گۆپتەپە - ناحیەی خەرابە کەوتوون مامەڵەی قەرەبوویان بۆ کراوەو ئەو مافەی خۆیان پێ دەدرێت، بەڵام ئێمە کێشەی تاپۆی خانووی هاووڵاتیانمان لە شارۆچکەکە هەیە و مامەڵەو کارمان لەلایەن لیژنەیەك بۆ ئەو بوارە دەست پێکردووە، بە هۆی ئەو بڕیارەی کە دەڵێت سنووری شارەوانی سێ هەزار کیلۆمەترە ڕاگیراوە، ئێمە لە کارو هەوڵی خۆمان بەردەوامین و دەبێت بە بڕیار یا ڕێنماییەك جیاکاریش بۆ ناحیەکەمان بێت مامەڵەی تاپۆکردنی خانووی هاووڵاتیان جێبەجێ بکرێت، چونکە بە هۆی نەبوونی تاپۆوە هاووڵاتیانی ئاغجەلەر ئێستاکە لە پێشینەی خانووبەرەش بێبەشن.

**پرۆژەکانی ٢٠١٢**

سەبارەت بەو پرۆژانەی کە لەژێر ئەنجامدانەو پێویستیانە بۆ سەنتەری ناحیەو گوندەکانی سنوورەکە بەتایبەتی پرۆژەی ئاو بۆ سەنتەری ناحیەو گوندەکان بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر وتی: چەندین جۆرە پرۆژەمان لە بەرنامەی ساڵی ٢٠١٢ داواکردووە، لەم پرۆژانەدا هەندێکی لەژێر جێبەجێکردندایە، لەلایەکی تر ئێمە ٥٢ گوندمان لەسنوورەکە هەیە هەر گوندێك کێشەی ئاوی و سەرچاوەی ئاوی هەبێت ئەوە پرۆژەی ئاومان بۆ خستۆتە بەرنامەی ساڵی ٢٠١٢ەوە، هەروەها پرۆژەی ڕێگای گوندی چیای سەزو شێخ پاڵاوانمان هەیە و پرۆژەی چاککردنی ئاوی حەوت گوندی سنوورەکەمان بەبڕی ٤٦٣ملیۆن دینار لەژێر ئەنجامداندایە، هاوکات بنکەیەکی تەندروستی لە گوندی جەلەمۆڵ و ڕێگای گۆپتەپە بۆ ناحیەی ئاشتی کە دووری سێ کیلۆمەترە لەژێر ئەنجامداندایە و بەبڕی یەك ملیار دینار پرۆژەی ئاوەڕۆ و چاککردنی ڕێگا و کۆڵان و شەقامەکانی گوندی گۆپتەپە لەپلاندایە، و دروستکردنی دوو قوتابخانەش بۆ دوو گوندی سنوورەکە کە تا ئێستاکە بینایەی قوتابخانەیان نییە لە ئەولەویەتی بەرنامەو کارەکانماندایە و پلان و نیازمان وایە چەند بیرێکی تری ئاویخواردنەوە لێبدەین، تاوەکو لەداهاتوودا تووشی کێشەی کەمئاوی نەبین بەتایبەتی لەناو سەنتەری ناحیەکە لەبەر ئەوەی بەبەردەوامی دەبینین سنووری شارەوانی و نیشتەجێبوون لە ناو ناحیەکە لەزیادبوون و بەرفرەوانبوون دایە، ئێستاکە پرۆژەی ئاوی ناحیەکە لەنزیك ئەو شاخەی دەوروبەری دایە و بیرێکی بۆ هەڵکەنراوەو وەکو کۆگای گلدانەوەی ئاویش وایە لە ئێستادا ئاوی شارۆچکەکە دابین دەکات، هەر چەندە بەهۆی بەفیڕۆدانی ئاو لەلایەن خەڵکەکەوە لە مانگی ٨تارادەیەك تووشی کێشەو گرفتی کەمئاوی دەبینەوە، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین ئەو بیرە بەتەنیا لە ئاییندەدا بۆ ئەو شێوە بەرفرەوانبوونە تووشی کێشەی کەمئاویمان دەکات بۆیە پێشنیارمان کردووە کە دوو بیری تری ئیرتوازی لە نزیك بیرەکەی تری پرۆژەکە هەڵبکەنین و و کارەبای بەردەوامیش بۆ پرۆژەکە دابین دەکەین بەهۆی ڕاکێشانی تۆڕی کارەباوە لە سەنتەری ناحیەوە بۆ ناو پرۆژەی ئاوەکە، چونکە ئێستا پرۆژەی ئاوەکە

> **دروستکردنی گوندی هاوچەرخ کێشەی خراپی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان چارەسەر دەکات**

بە کارەبای موەلیدەوە کار دەکات و هەندێ جار نەبوونی گازو سووتەمەنی گرفتمان بۆ دروست دەکات، هەروەها گوندەکان بەشێکیان کارەبای نیشتمانی بۆ نەچووە و کارەبایان لەڕێگای موەلیدەوە بۆ دابینکراوە.

**کێشەی خزمەتگوزاری گوندەکان**

سەبارەت بە تۆڕی ڕێگاوبان و کێشە خزمەتگوزارییەکانی گوندەکان و کارو پرۆژەی قیرتاو و کۆنکرێتکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو سەنتەرو گەڕەکەکانی شارۆچکەکە بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر وتی: ناحیەی ئاغجەلەر و گوندەکانی سنوورەکە لەڕێگای شاڵاوی ئەنفالەوە خاپورکراو تاکە یەك کەسیش لە دوای شاڵاوەکە لەم سنوورە نەدەژیا و هەر ئەم سنوورە بەزەمینی بێ ژیان ناوی دەهێنرا، لەدوای ڕاپەڕینیش زۆربەی گوندەکان لەسەر بناغەو شێوازی کۆنی خۆی ئاوەدانکراونەتەوە و ئێستا لەم گوندانەدا بۆ کارو ئەنجامدانی پرۆژە سەرەتایی و خزمەتگوزارییەکانەوە کۆمەڵێك کێشەو گرفتی یاسایمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، بۆ نموونە دەبێت هەر گوندێك ١٠ قوتابی هەبێت ئینجا قوتابخانەی بۆ دروست بکرێت و گوندەکان لەو کاتەدا بنکەی تەندروستیان بۆ دروست دەکرێت کە بەلایەنی کەمەوە دەبێت ٢٠٠ کەس سوود لەم بنکەیە وەربگرن، هەروەها بۆ دروستکردنی پەرتوکخانە دەبێت ڕۆژانە ژمارەیەکی بەرچاو لەخوێنەران سەردانی ئەو پەرتوکخانەیە بکەن، بەڵام لەکاتێکدا هەر گوندێك لەو ڕێنماییەوە بەدەربێت ناتوانرێت ئەو جۆرە پرۆژانە بۆ ئەنجام بدرێت، وەکو تەماشای گوندەکان دەکەین هەموویان بەپێی ڕێنمایی و مەرجەکان ئاوەدان نەکراونەتەوە تا بتوانین بۆ هەموو گوندێك قوتابخانە و بنکەی تەندروستی دروست بکەین، بەڵام بەپێویستی دەزانم چەند گوندێك بەشێوەیەکی هاوچەرخ بکرێنە یەك گوند لەو کاتدا لەزۆربەی کارو

پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان کەمترین کێشـــەیان دەبێت، لەلایەکی تر هۆکاری ئاوەدان نەکردنەوەی گوندەکان یا زۆر بەکەمی خەڵك بۆ گوندەکانیان دەگەڕێتەوە بەتەنیا بۆ نەبوونـــی خزمەتگوزاری ناگەڕێتـــەوە، بەڵکو بۆ ئەوەش دەگەڕێتەوە کە خەڵکەکە فێری ژیانی شاربووە و کارو ئیش و خوێندنی منداڵەکانی لە شارە، هاوکات خراپـــی ڕێگاوبانەکانیش کاریگەری خۆی لەســـەر ئاوەدانکردنـــەوەی گوندەکان هەیـــە و کارو بەرنامەی ئێمەش لەبواری ڕێگاوبانە زیاتر بۆ ڕێگا ســـەرەکی و گشـــتییەکانە نەك بۆ ڕێگای بچوك و ئاسایی، هەر بۆ نموونە گوندی گۆپتەپـــە کە گوندێکی گەورەی سنووری ناحیەکەیە شـــاڕێیەکی قیرتاوی گەورەمان بۆ دروســـتکردووە و لەئایندەیەکـــی نزیکدا پڕۆژەی ڕێگایەکمان هەیە لە ئاغجەلەرەوە بۆ بەرامبەر ناحیەی تەق تەق کە ژمارەیەکی زۆر لەگوندەکانی ســـەر ئەم ڕێگاو ســـنوورە سوودی لێوەردەگرن، هەروەها بەشێکی زۆر لە شـــەقام و کۆڵانەکانی ناو شارۆچکەکە قیرتاو و کۆنکرێتیـــان بۆ کراوە و ســـاڵانەش بەرنامە و پلان هەیە بۆ ئەو شـــوێنانەی کە ئەو جۆرە پڕۆژانەیان بۆ ئەنجام نەدراوە و ئەو کارو بەرنامانەش بەپێی بودجەی تەرخانکراو جێبەجێ دەکرێن.

### کەرتی کشتوکاڵ

سەبارەت بەگرنگیدان بەکەرتی کشتوکاڵی بەڕێوەبەری ناحەیـــەی ئاغجەلەر وتی : ڕاســـتە ئێمە ســـنووری گەرمیان نین، بەڵام دەروازەو ســـنوورێکی تێهەلکێشین لەگەڵ گەرمیان، ناوچەو سنووری گەرمیانیش یەکێکە لە زیانمەندترین شوێن لەڕووی وشکەساڵییەوە چونکە سروشـــتی ناوچەکە وا هەڵکەوتووە کە سەرچاوەکانی ئـــاوی زۆر کەم بێـــت و بـــۆ زۆر کار بەتایبەتی بۆ کشـــتوکاڵ و باخداری پشت بە ئاوی باران دەبەستین، بەشـــێکی ســـنووری ئاغجەلەر بەر ئەو وشکەساڵییە کەوتووە و زیانی بە ناوچەکە گەیاندووە، چونکە بەشێك لە گوندەکانی سەر سنوورەکە کەوتوونەتە سەر زێیەکەوە کە لەم ڕێگایەوە کاری کشتوکاڵی و باخداری و چاندن دەکەن، لەناوچەکـــەدا چەند باخێکی زەیتون و هەنجیر

**بەشێکی گوندەکان کارەبای نیشتمانی بۆ نەچووە و کارەبایان لەڕێگای مۆلیدەوە بۆ دابینکراوە**

هەیە تاوەکو ئێســـتاکە بە هەوڵ و کۆششـــی وەزاەتی کشـــتوکاڵ و لایەنی تر نەمانهێشووە ئەو باخانە وشك بکەن، بـــەڵام بۆ چاندنی گەنم و جۆ هەر پشـــت بە بارانبارین دەبەستین و خەڵکێکی زۆر بەو کارە خەریکەوە لەڕووی ئاودێرییەوە هیچ جۆگەلە و پڕۆژەی ئاودێری لەلایـــەن حکومەت وەزارەتی پێوەنـــدار ئەنجام نەدراوە، بەڵام لەلایەکی تر هەندێ دارســـتانی سروشتیمان لە سنوورەکە هەیە بەهۆی وشکەساڵییەوە زەرەرمەندبووینە و ناتوانرێت بەڕێـــگای تانکەرەوە ئاودانیان بۆ بکرێت، لەبەر ئەوەی کارو پڕۆسەکە قورس و زەحمەتە و ماوەو ئاوی زۆری پێویســـتە کە ئەمەش لەتوانادا نییە، هەر لەبەر وشکەساڵییە نەمانتوانییەوە ڕووبەری دارستان و باخداری بەرفرەوان و ڕێژەکە لەوەی هەیە زیاتر بکەین. بەڵام بیر لەفرەوانبوونی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەکەینەوە ئەوانەی موڵکـــی حکومەتن کە تێیاندا باخی زەیتوان دروستکراوە و لەم ڕۆژانەدا نووسراوێکمان بۆ سەرووی خۆمان و لایەنی پێوەندار بەرزکردۆتەوە بۆ ئەوەی باخی زیتـــون و هەنجیرەکانی دەوروبەری ناحیەکە بەرفرەوان بکەین، ئەوش لەکاتێکدا دەبێت کە ئەوان بتوانن ئاومان بۆ دابین بکەن و ئێمەش باخەکان لە وشکبوون بپارێزین و ئەو باخانەی تر کە هەمانە لەڕێگای بیرەوە ئاودانیان بۆ دەکرێت و نووســـراوێکان بۆ پارێزگای ســـلێمانی کـــردووە کە کارەبا بـــۆ بیرەکان دابیـــن بکەین تاوەکو بتوانین بەپێی پێویســـت باخەکان ئاو بدەین. دەتواتنین بەگشتی بڵێین وشکەساڵی سیمایی جوان و گەشتیاری ئاغجەلەری بەتەواوی نەهێشـــووە و زیانێکی زۆریشی لە خەڵك و سنوورەکەداوە، لەسنووری ئاغجەلەر هیچ بەنداوی گەورەو بچوکی نییە و خاك و خۆڵی سنوورەکە بەتایبەتی شوێنە شاخاویەکان مادەی گەچی تێدایە و ئاوەکەشـــی نەشـــیاوە بۆ خواردنەوە و بۆیە کە پشکنینی جیۆلۆجی بۆ ئەو مەبەستە دەکرێت دەبینن سنوورەکە بە کەڵکی بەنداو دروستکردن نایەت و بەنداوێك لە نێوان ئێمە و قەزای دوکان بڕیارە دروســـت بکرێت بەناوی بەنداوی سورقاوشان کە لەلای دوکانەوە ئیـــدارە دەکرێت لەکاتێکدا ئەو بەنـــداوە تەواو بێت ئەوە هەندێـــك لە گوندەکانی ســـنوورەکە ئەوانەی لە نزیك بەنداوەکەن سوودی لێوەردەگرن.

### ئاوەڕۆ بۆ چەمی ئاغجەلەر دروست دەکرێت

ئەو چەمەی بەناو شـــارۆچکەکەدا تێپەڕدەبێت ئاوی قورســـی زۆربەی گەڕەك و ماڵەکانی دێتەوە سەری و هۆکارێکی بێزاری و ناڕەحەتییە بۆ خەڵکەکە بەهۆی ئەو بۆنە ناخۆشـــەی لێیوە دێت، لەمبارەوە بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر وتی: لەبەرنامەی کارو پڕۆژەکانی بۆ ساڵی ٢٠١٢ پێشکەشمان کردووە دیوارێکی ڕاگرو ئاوەڕۆیە بۆ چەمەکە، بەڵام زۆربەی کۆڵان و گەڕەکەکان پێش ئەوەی شۆســـتەو قیرتاوی شەقام و کۆڵانەکانیان ئەنجام بدەین ئەوە ئاوەڕۆیەمان بۆیان کردووە و هەندێ شوێن هەیە تازە زەویەکانی کوژاندنەوەو جیاکردنەوەی بۆ کراوە ئێمە ئاوەڕۆو شەقامان بۆ دروست کردوون، بەڵام کێشـــەی هۆشیاری هەندێك لە هاووڵاتیانمان هەیە کە لەڕووی کۆکردنەوەی زبڵوخاشاك و فڕێنەدانی پاشماوەو پاکوخاوێنـــی و پاراســـتنی ژینگەی شـــارۆچکەکە کەمتەرخەمن، پاککردنەوە و پاراســـتنی پاکوخاوێنی هەموو شارو شـــارۆچکەو شوێنێك دەبێت هاووڵاتیانی شوێنەکە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت و لایەنی بەرپرس بکەن دەنا ناتوانرێت پاکوخاوێنی هیچ شـــوێنێك گەورە یا بچوك بێـــت بپارێزرێت. لەم ڕووەوە تائێستا زۆر بەکەمی خەڵك هەیە هەست بەو ئەرکەی سەرشانی بکات و زبڵ و پیسی فڕێنەداتە سەر شەقام و کـــۆڵان و زەوی، هەروەها ســـاڵانە بەبەرنامە لەهەر شـــوێن و گەڕەکێکی ناحیەکە پێویستی بە ئاوەڕۆ بێت دەخرێتە ڕیزبەندی کارو پڕۆژەکان بۆ ئەوەی بودجەی بۆ تەرخان بکرێت، بەڵام ئاغجەلەر بەگشتی لەڕووی



ئاوەڕۆوە کەمترین کێشەی هەیە.

### کەمی بینایەی قوتابخانەو گرفتی میلاکات

سـەبارەت بەکەرتی پەروەردەو ئەو کێشـەو گرفتانەی کەڕووبەڕوویان دەبێتەوە بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر وتـی: لـە کەرتی پـەروەردە چ لـەڕووی بینایەی قوتابخانـە چ لە ڕووی میلاکاتەوە کێشـەمان هەیە، یەکێك لە کێشەکانی زیاتر لای ئێمە لەکەرتی پەروەردە هەستی پێدەکرێت، ئەوەیە کە یەکەی ئیدارەی ناحیەکە تەدەخولکردنـی بە کێشـەو کەموکوڕییەکانی کەرتی پەروەردە سنووردارە ناتوانین لەهەموو کێشەکاندا بەشداری بکەین وەکو دابینکردنی مامۆستاو دامەزراندنیان و تا ٢٠بۆ ٣٠سـاڵی تر ناتوانرێت مامۆستا بەپێی پێویست بـۆ قوتابخانەی گوندەکان دابین بـکات، هەر چەندەساڵانە ڕێژەیەکی زۆریش مامۆستا لەبواری جیاجیادا دادەمەزرێن، کێشـەیەکی تر لەمبوارەدا مامۆستایانی لەم سنوورو گوندەکان دادەمەزرێن پاش ماوەیەك داوای گواسـتنەوە بۆ شار و نزیك شـوێنی نیشتەجێبوونی خـۆی دەکات، هەروەها لە ئایندەدا بەهۆی زۆربوونی ژمارەی قوتابیان پێویسـتم بە کردنەوەو دروستکردنی قوتابخانەیەکی ئامادەیی بەرفراوان و هاوچەرخ هەیە. هاوکات لە گوندەکاندا کێشەی بینایەی قوتابخانەمان هەیە، هەر بۆ نموونە ئەمسـاڵ دوو گوندی سنوورەکە قوتابخانەکانیان لە خانووی کرێدابوون و بۆمان کردوون بە کابینە ئەمەش چارەسـەری سـەرەکی و پێویست نییە، چونکە دەبێت هەموو قوتابخانەیەك مواسەفاتی پەروەردەی و خوێندنی تیدا ڕەچاوکرابێت.

### بنکەی تەندروستی ئاغجەلەر

سـەبارەت بەکەرتـی تەندروسـتی و کێشـەو پێداویسـتییەکانی بەڕێوەبەری ناحیـەی ئاغجەلەر وتی: کەرتی تەندروسـتیش لەهەموو شوێنێك بەپێی پێویست و سـەردەم نییە، چونکە سستەمەکەی کۆنەو پێویسـتی بە ڕیفۆرم و گۆڕانـکاری بنەڕەتی هەیە بەپێی ئەوەی کە لەگەڵ دنیای زانست و تەکنەلۆژیاو بەرەوپێشـەوەچوونی بواری تەندروسـتی بگونجێت و کارو ئیشەکانی بواری پزیشـکی کاریگەریان لەسەر باشـبوونی باری جەسـتەیی و دەروونی هاووڵاتیان

## بەبڕی یەك ملیار دینار پرۆژەی ئاوەڕۆو چاككردنی ڕێگا و كۆڵان و شەقامەكانی گوندی گۆپتەپە لەپلاندایە

دەرکەوێـت، بنکەی تەندروسـتی ئاغجەلەر بچوکە و دابینکردن و هاتنی پزیشـکیش زۆر زەحمەتە، چونکە ئەو پزیشـکانەی کە بۆ ناحیەو گوندەکان دێن بەپێی سستەمەکە ماوەی دیاریکراویان هەیە کە ئەویش تەنیا بۆ چەند مانگێکە و لەم ماوەیەش نەك زیاتر نامێنێن، بەڵکو هەندێ پزیشـك زووتریـش دەڕوات، هەر بۆیە ئێستا ئێمە پزیشکمان هەر نییە و یاریدەدەری پزیشکی کار لە بنکەکە دەکات، بەڵام بنکەی تەندروسـتییەکە ٢٤کاتژمێـر لـە کارکردندایە و تیمی ئێشـکگری و ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنی هەیە و گوندەکانی سنوورەکە ژمارەیەکی زۆریان بنکەی تەندروستی فەرعیان هەیە و لەلایـەن کارمەندێکی تەندروسـتی بەڕێوەدەچێت و ژمارەیەکی دیاریکراو و سـنوورداری داودەرمانیان هەیە. چارەسەرکردنی کێشەکانی تەندروستی هەر وەکو پەروەردە لەدەرەوەی تواناو دەسـەڵاتی یەکەی ئیدارەی ناحیەکەدایە، بەڵکو لەتوانا و دەسەڵاتی سەرووتردایە. بۆیە بەتەئکید هەردوو سستەمی پەروەردەو تەندروستی لە هەرێمی کوردسـتان دوو سستەمی نابەجێ و کۆنن و پێویستە بگۆڕێن.

### نەبوونی ئۆتۆمبێلی سەلەی کارەبا

سەبارەت بە کێشەی کارەبا بە تایبەتی بەهۆی هەستان و دابەزینـی ڤۆلتییە و بارقورسـی لـۆدی کارەباکە زۆرجار کارەباکە لە هەندێ شوێندا دەبڕێت بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر وتی: ماوەی کارەبا لە سـەنتەری ناحیەکەدا زۆر باشـە لەماوەی شـەو و ڕۆژدا زیاتر لە٢٣کاتژمێـر کارەبامـان هەیـە، بەڵام بۆ چارەسەرکردنی شۆت و پچڕانی تۆڕی کارەبا بنکەیەکی بچوکی چاککردنـی کارەبامان هەیە و لەناو بینایەی بەڕێوەبەرایەتی ناحیەکـەدا ژوورێکیان بۆ دابینکراوە، هۆکاری پچڕانەکەش بۆ شـکانی فنجانەکانی تۆڕی کارەباکە دەگەڕێتەوە و زۆرترین شـۆت و پچڕانەکان لە سـنووری گوندی تیژوتلیانایـە و کرێکارەکانیش ژمارەیان کەمەو بەگرێبەست کار دەکەن، بۆیە پێویستە بەزووترین کات ئەو بنکەیە بکرێتە فەرمانگای کارەبای ئاغجەلەر و شـوێن و بینایەکیشـی بۆ دابین بکرێت، هەروەها ئێسـتاکە پێویستمان بەسـەلەی کارەبا هەیە، هاوکات پرۆژەی وێسـتگەیەکی بەرهەمهێنانی کارەبا بە بڕی ٥ ملیار دینـار لەلایەن کۆمپانیایەك بەناوی زۆزگ جێبەجـێ دەکرێت و ئـەم پرۆژەیە لە ٩٥٪ی کارەکانی تەواو بووە، بەتەواوبوونی ئەو وێسـتگەیەی کارەبا ناحیەی ئاغجەلەر کێشەی کارەبا نامێنێت.

### نەبوونی کرێکارو کەمی ئامێری پاککردنەوەی زبڵ و خاشاك

سەبارەت بە کۆکردنەوەو خۆرزگارکردن لەزبڵوخاشاك و کێشەو کەموکوڕییەکان بەڕێوەبەری ناحیەی ئاغجەلەر وتی: سستەمی کۆکردنەوەو پاککردنەوەی زبڵوخاشاك هەر بەشـێوەی کۆن و تەقلیدییە و ئامێرو کرێکارمان کەمە زۆربەی کرێکارەکانیشـمان بەشێوەی گرێبەست کاردەکەن و لەماوەیەدا ماوەی گرێبەسـتەکانیان تەواو بووەو گرێبەستەکانیشـیان بۆ تازە نەکراونەتەوە، بۆیە ئێستا کێشـەمان لە کۆکردنەوەو فڕیدانی زبڵوخاشاك لە ناو سەنتەری ناحیەو گەڕەکەکاندا هەیە. من لێرەدا دەڵێم لەکاتی دامەزراندندا زیاتر پێویسـتم بە کریکارو پاسـەوان و کارمەندی خزمەتگوزارییە نەك دەرچووی پەیمانـگاو زانکۆ لەبەر ئـەوەی کارمەندو کرێکاری بـواری خزمەتگوزارییەکانەمـان کەمـە و ڕێژەی دامەزراندنەکانیـش زۆر نییە بۆ ئێمە سـاڵی ڕابردوو نزیکەی تەنیا ١٠کەسیان بۆ دامەزراندووین، داواکارین ئەوساڵ ڕێژەکە لەمە زیاتر بێت بەڵکو بتوانرێت کەلێن و شوێنە پێویستەکانمان گرفتی کەم بێتەوە.

